


# داتای هەموو جیهان لە دیسکێکدا کۆبکەوە

داهێنانی گەورە لە بواری هەڵگرتن و ئەرشیف کردنی داتاکان لە جیهاندا بەرهەم هات.. فلاش میمۆری و هارددیسك و DVD و ...تاد. بۆ هەڵگرتنی و گواستنەوەی داتاکان گرنگن.. بەڵام هەموویان رێژەیەکی بەرچاو داتا لە خۆیاندا رادەگرن، کەچی توێژەرانی بواری تەکنەلۆژیای نوێ جۆرە دیسکێکی بچووکی کریستاڵیان بەرهەم هێناوە دەتوانێت ٣٦٠ ترابایت زانیاری لە خۆیدا کۆبکاتەوە و هەتا زیاتر لە١٣ ملیارد ساڵیش تێکناچێت چونکە لە گەرمای ١٩٠ پلەشدا هیچی لێنایەت.. شێوازی داکردنی داتاکان واتە خەزنکردن لەو دیسکەدا پێنج رەهەندییە کە ساڵی ٢٠١٣ بۆ یەکەمجار ئاماژە بەو شێوازە کراوە.

# کاتژمێرە هۆشمەندەکان دەبنە ریمۆتی ئۆتۆمبێل

کاتژمێرە سمارتەکان زیاتر تایبەتن بە چاودێری تەندروستی جەستەی بەکارهێنەری و هەروەها پەیوەند دەدرێت بە مۆبایل وەدەکرێت بەهۆیەوە پەیوەندییەکان و پەیامەکان بخوێنەوە و وەڵام بدەیەوە. پێدەچێ بەهۆی قەوارەی بچووکیان تواناى دیکەش بە کاتژمێرە سمارتەکانەوە زیاد ببن.. بۆ نموونە کاتژمێری زیرەکی ئەپل لەسەر داواکاری کۆمپانیای ئۆتۆمبێل سازی تاسلا خزمەتگوزاری ریمۆت کۆنترۆڵی ئۆتۆمبیلی بە کاتژمێرەکانەوە زیاد کردووە، کاتژمێرە زیرەکەکان دەتوانن ئۆتۆمبیلەکان هەڵبکەن و بکوژێننەوە، دەتوانن لە گەراج بیهێننە دەرەوە دەرگای گەراجیش دابخەن..






# ئامێرێک شاشەی تەلەڤزیۆنەکان دابەش دەکات

ئێستا کەم ماڵ هەیە کە تەلەڤزیۆنێکی گەورەیان لە ماڵەوە نەبێت، ئەگەر نیازت هەبێ شاشەی تەلەڤزیۆنەکە بکەی بە چەند بەش و هەر بەشەی بۆ مەبەستێك تەرخان بکەی، بۆ نموونە بەشێکی تایبەت بکەی بە ئینتەرنێت و کردنەوەی سایتەکان و بەشێکی تەلەڤزیۆن بێت و بەشێکیش تایبەت بە گەیم و ئەتاری، هەرچەندە ئەوە خۆی لەخۆیدا کێشەی هەیە بەڵام ئەگەر ئەو نیازت هەبوو، ئەوە ئامێری skreens تایبەتە بەو مەبەستە، ئەو ئامێرە بچووکە بەهۆیەوە دەکرێت لەیەك کاتدا لە چوار ئامێری دیکە لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکە سوود وەربگری و دەکرێت شاشەکان بچووك و گەورە بکرێنەوە..



## چاویلکەیەکی زیرەک لە ئیپسۆنەوە

کۆمپانیای ئیپسۆن لەو چەند ساڵەی پێشوودا چالاکییەکانی زیاتر لە بواری بەرهەمهێنانی پرینتەردا چڕ کردبۆوە، بەڵام پێدەچێت ئەم رۆژانە سنووری چالاکییەکانی وەك زۆربەی کۆمپانیاکانی دیکە بەرفراوانتر کردبێ، بۆیە ڤێرژنێکی دیکەی لە چاویلکەی هۆشمەند بەرهەم هێنا، چاویلکە نوێیەکە بە moverio BT-۲۰۰ ناسراوە، چاویلکەکە سیستەمی android ەی لەسەرە، جگەلەوەش ۲۰٪یش لە ڤێرژنی پێشخۆی سووکترە. کامێرای پێشەوەی ٥ میگاپیکسڵە، کە بۆ باشتر دیتنی دونیای دەوروبەر دانراوە. جگە لەوەش بۆ وێنە گرتن و فیلم هەڵگرتنەوەش زۆر گونجاوە. جیاوازی بەرچاوی لە گەڵ چاویلکەکەی گوگڵ لەوەدایە کە لەو چاویلکەیەدا بە هەردوو چاوەکانی دەبیندرێ.





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێك دەپرسێت نامەوێ وەڵامی زۆری پەیوەندی بدەمەوەو یان دەمەوێ لە چەند ژمارەیەکەوە کورتەپەیامم بۆ نەهێت بۆ ئەم مەبەستە دەبێ چ بکەم؟

خوێنەری بەڕێز لە مۆبایلە هۆشمەندەکاندا ئەوانەی سیستەمی ئەندرۆیان لەسەرە چەند پرۆگرامێك هەیە یەکێك لەو پرۆگرامانە Extreme Call Blockerە، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە لە کۆڵ هەموو ئەو کێشە و گرفتانە دەبییەوە کەلەلایەن ژمارەی نەخوازراو پەیوەندیت پێوە دەکرێت یان کورتە پەیامت بۆ دێت.. پرۆگرامەکە شەش شێوازی هەیە بۆ نەهێشتنی کورتەپەیامەکان و ٤ ڕێگاش بۆ داخستنی پەیوەندییە نەخوازراوەکان..

## تەکنەلۆژیا چاودێری

چەند ساڵێك لەمەوبەر لە نزیك شوێنی کارەکەم دوکانێك ڕێکلامێکی دەکرد دەکرێت کارێك بکەین بۆ کێڵگە و باخچەکانتان بە مۆبایل ئاو بدرێن و ئاویان لێبگیرێتەوە.. مەبەست ئەوە بوو دەتوانی بە کورتەپەیامێك موزەخە و دینەمۆی ئاو هەڵبکەی و بە کورتەپامێکیش بیگریەوە..

ئامێری تایبەت بە خزمەتکردنی گوڵ و گیا بە شێوەی دیجیتالی ئێستاکە لە زیادبووندان، بۆ نموونە ئامێری





## کارتە ڕێکلامیەکانیش دەبنە سمارت

بیزنیش کارت یان بە واتایەکی دیکە کارتە زانیارییەکانی تایبەت بە کۆمپانیا و کەسەکان، ئەو کارتانەی کە بۆ ریکلام دەبەخشرێنەوە، بۆ نموونە هەر کۆمپانیایەك کارتی ریکلامی تایبەت بەخۆی هەیە و هەروەها ئێستاکە تاکەکانیش کارتی ڕێکلامی تایبەت بەخۆیان هەیە، بۆ نموونە ڕۆژنامەنووسێك، هونەرمەندێك... تەنانەت دوکاندارێکیش کارتی ڕێکلامی خۆی هەیە..

ئەوەی کە ئێستا دیومانە کارتە ڕێکلامییەکان بریتین لە پارچە کاغەزێك کە دیزاینی تایبەت بە تاکەکە یان کۆمپانیاکەی هەیە، کە هەموو شتێك بەرەو سمارت بوون بچێت پێدەچێ ئەوانیش ببنە زیرەك.. بۆ نموونە کۆمپانیای mobile ECG کارتێکی بەرهەم هێناوە کە چەند هەستەوەرێکی بچووکی تێدایە و کاتێك پەنجەی شادە دەخەیە سەری هەم لێدانی دڵت دەپێوێ و هەم نەخشەی لێدانی دڵت نیشان دەدا..



# سایتێک بۆ دروستکردنی فیلمی ڤیدیۆیی

بۆ دروستکردن و مۆنتاژکردنی فیلمێك پێویستت بە پرۆگرام هەیە و دەبێ شارەزاییت هەبێت، بەڵام لەسایتی stupeflixدا لە ماوەی تەنیا چەند خولەکێك دا دەتوانی ئەو کارە ئەنجام بدەی.. گرنگترین تایبەتمەندییەکانی سایتەکە ئەوەیە کە بەخۆراییە و هیچ سنوورێکیشی نییە و دەکرێت فیلمێکی ٢٠ خولەکی پێ مونتاژ بکەی.. سایتەکە بەشێوەی ئۆتۆماتیکی ئەو فیلمانەی دایاندەنێی بەشێوەی ئۆتۆماتیکی مونتاژیان دەکا..




# گوڵ و گیاش دەکات

koubachi، ئەو ئامێرە بەو هەستەوەرانەی تێیدایە، دەتوانێت ڕێژەی شێ، گەرما و ڕووناکی پێویست بۆ گوڵ و گیاکان دابین بکات.. لەلایەکی دیکەوە سیستەمی وای-فای لەسەرە و دەتوانێت سەبارەت بە چۆنییەتی گوڵ گیاکان وەك بوونی کێشەیەك ئاگادارتان بکاتەوە. پرۆگرامێکی لەسەرە کە گشت زانیارییەك سەبارەت بە باخچەکە بۆ مۆبایلەکەتان بەڕێ دەکات.

# پرۆگرامێک بۆ دۆزینەوەی کۆدی نهێنی یارییەکان



یاری ئەلکترۆنی بۆ بردنەسەری هۆش و زانیاری گرنگی خۆی هەیە، هەرچەندە کەلتووری وڵاتانی ڕۆژهەڵات وا ڕاهێنراوە کە یاری ئەلکترۆنی تەنیا هی منداڵە و گەورەکان نابێ خۆی لێبدەن.. بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە یاری ئەلکترۆنی بۆ بەساڵداچووان زۆر گرنگترە، چونکە هۆکارێکە بۆ تووش نەبوون بە نەخۆشی لەبیرچوونەوە (ئەلزایمەر)...

هەر یارییەکی ئەلکترۆنی چەند کۆدێکی نهێنی هەیە کە بۆ ئاسانکاری یاریکردن داندراون، زانینی کۆدەکان وەك ئەوەی لە یارییەکەدا فێڵ بەکار بێنی.. پرۆگرامی CheMax تایبەتە بە دۆزینەوەی کۆدی نهێنی یارییەکان.. لەو پرۆگرامەدا بانکێکی زانیاری تایبەت بە کۆدە نهێنییەکان هەیە کە دەکرێت بە شێوەی ئافلاین و ئۆنلاین سوودی لێوەربگری.. لەو یارییەدا کۆدی نهێنی زیاتر لە شەش هەزار یاری هەیە.. پرۆگرامەکە لە زۆربەی سیستەمەکانی ویندۆزدا دەگونجێت..

